## یارمەتی بۆ دۆزینەوەی ئەم گەنجە ونبووە!



بەدڵێکی پڕ غەم و چاوێکی بە فرمێسکەوە ڕوو دەکەینە سەرۆکی هەرێمی کوردستان و، بەرپرسیارانی کوردستان و، وەزارەتی مافی مرۆڤ لە کوردستان و وە هەموو کوردێکی بەڕێز و هەموو هاوڵاتییەکی بەڕێز. داواکارین دڵسۆزانە وەک کوردێکی هەمیشە خەمخۆر ئەم گەنجە خۆشەویستەمان بۆ بدۆزنەوە.

بەڕێزان خوێنەرانی بەڕێز بە دڵێکی پڕ لە سوپاس و پێزانینەوە، داوای کۆمەکی ئێوە دەکەین بۆ دۆزینەوەی ئەم گەنجە ونبووە.
ناوی سیانی ئەم گەنجە ونبووە: ئاسۆ مەحمود عەلی
ڕۆژ و ساڵی لە دایک بوون: 29 /1/ 1973
شوێنی لەدایک بوون و نیشتەجێ بوون: سلێمانی
ئەم گەنجە لە ڕۆژ و ساڵی 2003 /07/25 لە شاری بەغداد بێسەر و شوێن بووە و هەوڵی زۆری دۆزینەوەی بۆ دراوە بەڵام بەبێ ئەنجام. ئاسۆ مەحمود عەلی کاسپی نێوان شارەکانی سلێمانی و بەغدادی کردووە و لەو بەینەدا پەیوەندی پچڕاوە و بێسەرو شوێن بووەو تا ئەم کاتەش هەواڵی نییە و کەس نازانێت چی بەسەردا هاتووە.
ئەم گەنجە خاوەنی هاوسەر و باوکی سێ منداڵی بچووکە. لەم بانگەوازەدا داوا لە هەموو کوردێکی خاوەن هەڵوێست و بە ویژدان دەکەین گەر هەواڵی ئەم ئازیزە دەزانن یاخود ڕۆژێک لە ڕۆژان بینیوتانە و شوێن و مەکانی دەزانن ئەوا بە سوپاس و ستایشێکی زۆرەوە داوا دەکەین بە هەر شێوەیەک بێت پەیوەندیمان پێوە بکەن.
دڵنیابن هەرکەس ئەو هەڵوێستە گەورەیە بگرێتە ئەستۆی خۆی ئەوا دڵی دایک و باوکێکی سەرو ڕیش سپی و دڵی سێ منداڵی وردیلە شاد دەکات. تکایە یارمەتیمان بدەن لە دۆزینەوەی ئەم گەنجەدا.
بۆ پەیوەندیپێوەکردنمان تکایە پەیوەندی بکەن بە سارا عومەر لە دانمارک بەم پۆستە ئەلیکترۆنییە (ئیمایلە) ی لای خوارەوە سوپاستان دەکەین:

Kurdistan-86@hotmail. com